# چەند بابەتێک لە کۆمپیوتەر

ئامادە کردنی:

فەریدون خۆشناو



## ناردنی بابەت بۆیەکتری بە تەلەفۆن (هایپر تێرمینال):

زۆر جاری وا هەیە کە ئینتەرنێتمان لەبەردەست دانیە و دەمانەوێ شتێک بۆ برادەرێک بنێرین و برادەرەکەش لێمانەوە دوورە، چۆن ئەم فایلە بۆ برادەرەکەمان بنێرین؟

بە هێلکی تەلەفۆن و دروست کردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان دوو کۆمپیوتەر، بە هۆی ئەو پرۆگرامەی کەلە ناو ویندۆزدا هەیە، ئەو بوارەتان بۆ دەرەخسێت کە هەر جۆرە فایلێک بنێرن ویا وەربگرن، بۆ چالاک کردنی ئەم پرۆگرامە لە ویندۆز XP ئەم قۆناغە دەبێ ببرین:

All Programs>Accessories> Communications>HyperTerminal

1. پاش کرانەوەی ئەم پرۆگرامە




پەنجەرەیەک بە ناوی Connection Description دەکرێتەوە، لە شوێنی Name ناوێک بۆ ئەو سیستەمەی کە دەتانەوێ پەیوەندی پێوە بکەن، دادەنێین. دواتر Ok دەکەیت.

2.پەنجەرەکەی تر کە ناوی Connect To ە، چوار بەشە. لە بەشی Country/Region ناوی ئەو وڵاتەی کە سیستەمی بەرامبەری تیایدایە هەڵدەبژێرن. لە Area code پێش ژمارەی شارەکە دەنووسیت و لە Phone number ئەو ژمارە تەلەفۆنەی کە دەتەوێت



پەیوەندی پێوە بکەیت دەنووسیت. و لە بەشی Connect using جۆری مۆدێمەکەت هەڵدەبژێری.

3. لە پەنجەری Connect لەسەر Dial کلیک بکە تا پرۆگرامەکە پەیوەندی بە ژمارەکەوە بکات، پاش دروست بوونی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی بەرامبەر وشەی connected لە گۆشەی خوارەوە لای چەپی پرۆگرامی سەرەکی بەدەردەکەوێ. لێرەوە دەتوانن فایل بنێرن یا وەربگرن.

## سیستەمی بەرامبەر دەبێ ئەم کارانە ئەنجام بدات:

1. لە مینۆی Call برگەی Wait for a call هەڵدەبژێریت. و لە پەنجەرەی Connection Description لە بەشی Name ناوێک بۆ سیستەمی بەرامبەر کە دیەوێت پەیوەندیتان پێوە بکات، دابنێن و لە خوارەوە لای چەپ دەنووسرێت Waiting for call . و دەبێ چاوەروان بن تاکو پەیوەندیتان پێوە دەکرێ. پاش دروست بوونی پەیوندی ئەم نووسینەی سەرەوە دەگۆڕێت بۆ Connected .

## وەرگرتن و ناردنی فایل:

بۆ ناردنی هەر جۆرە فایلێک لە مینۆی Transfer دەبێ برگەی Send file هەڵبژێرن و لە پەنجەرە کراوەکە بە هۆی Browse فایلەکەتان هەڵبژێرن و دواتر لە سەر Send کلیک بکەن. کە دەبێتە هۆی ناردنی فایلەکە.

بۆ دیتنی ئەو فایلانەی کە وەرگیراون لە مینۆی Transfer برگەی Receive هەڵبژێرن و لە پەنجەرەی receive file دەتوانن رێرەوی ئەمبار بوونی فایلەکان ببینین یاخود بیگۆڕن.

تێ بینی: دەبێ سەرنج بدەن بۆ ناردن و وەرگرتنی فایل دەبێ هەردوو سیستەمەکە، یەک Protocol بەکار بهێنن. وابە باشی دەزانین کە لە پرۆتۆکۆلی Zmodem with Crash Recovery کەلک وەربگرن.

لە بەشی سێی بەرنامەکە دەتوانن پەیامەکانتان بنووسن و بۆ بەرامبەرتان بنێرن و پەیامە نێردراوەکان بخوێننەوە.

## پرۆگرامێک بۆ چاودێری و رێکخستنی پەیوەندییەکانتان:

Phone Record Plus ناوی پرۆگرامێکی بەسوود و بەتوانایە لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای Teley بواری تەلەفۆن، کە بە هاوکاری ئەم پرۆگرامە سیستەمی کۆمپیوتەرەکەتان بە تەلەفۆنێکی کارا و بە توانای جۆراوجۆر دەبەسترێتەوە.

ئەم پرۆگرامە توانای ئەمبارکردنی کاتژمێرگەلێک بە شێوەی فایلی دەنگی بە فۆرمەتی دەنگی جیاواز هەیە. جگە لەمانە تایبەتمەندی Voicemail هەیە کە دەتوانن لە هەر شوێنێک بن لە پەیامە تەلەفۆنیەکانتان ئاگادار ببنەوە.

لێرە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرۆگرامەتان بۆ دەخەینە روو:




- Phone Recorder: توانای تۆمارکردن و ئەمبارکردنی هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی هەیە لە رێگای Voice Modem ی کۆمپیوتەرەکەتان.
- Let Third Party ListenThe Call: زۆربەی پرۆگرامەکان تەنیا توانای تۆمار و ئەمبار کردنی پەیوەندییەکانیان هەیە بەلام ناتوانی گوێ لە قسەکان (وەکو کەسی سێیەم) رابگریت.
- Phone Record Plus: هەم دەتوانێت پەیوەندییەکانیان تۆمار و ئەنبار بکات و هەم کەسی سێیەم گوێ لە قسەکان رابگرێت.
- Full Answering Machine: سکرتێری تەلەفۆنی بە توانا و تەواو بۆ سیستەمی ئێوە کە هەموو توانایەکی سکرتێرێکی تەلەفۆنی پێشکەوتوو تان پێ ئەدا.
- Professional Calls Log: ئەم پرۆگرامە هەموو پەیوەندییە وەرگیراوەکان و دەرچووەکان و سەرنەکەوتووەکان لەگەڵ هەموو وردەکارییەکان بۆتان دەنووسێتەوە و ئەمبار دەکات.
- The Calls List: لیستێکە و دەفتەرێکی تەلەفۆنی بەهێزە کە توانای بە گرووپ کردنی جیاوازی هەیە بۆ گرووپی جیاجیاکان.
- The Events لە کاتی وەرگرتنی پەیوەندی (هاتوو) هەم ژمارەکەی و هەم ناوی لە سەر شاشەی کۆمپیوتەر بەدەردەکەوێت (ئەگەر لە لیستەکە داهەبێت) هەروەها دەتوانن وێنەیەکی بۆ دابنێت تاکو پرۆگرامەکە وێنەکەت پێ نیشان بدات.
- Manual Call Control: تایبەتمەندییەکی زۆر بە سوودەکە بە پێی ویستی خۆتان وەڵامی پەیوەندییەکان بدەنەوە، تۆماری بکەن، سکرتێر چالاک بێت. یا وازی لێ بهێنن تا بۆ خۆی زەنگ لی بدات.
- Professional Voice Mail

Box تایبەتمەندییەکی تری زۆر بە سوودی ئەم پرۆگرامەیە کە توانای گوێ گرتن لە پەیوەندییەکان و




تەنانەت ئاخاوتنەکان لە ڕێگای دوور و بە تەلەفۆنێکی تر دەبیسی.

- Personal Web-Site تایبەتمەندییەکی تری ئەم پرۆگرامە ئینتەرنێت سێرووەرە کە بە دروست کردنی ماڵپەڕێک تیایدا، توانای خوێندنەوە و دەستکاری و لابردن و گۆڕان و ڕیکخستنی تایبەتی پرۆگرامەکە تەنیا لە ڕێگای ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر دەبێت.
- orwarding details of incoming calls to your e-mail: ئەم تایبەتمەندییە سەرنج ڕاکێشە وەکو لە ناوی دیارە توانای Forward و ناردنی وردەکارییەکان و پەیوەندییەکان بۆ ئیمەیلی ئێوەی هەیە، کە هەر پاش وەرگرتن دەینێرێت.
- Cut the silence section بڕینی ئۆتۆماتیکی بەشی بێدەنگی و بێ کەڵک لە تایبەتمەنییەکانی ئەم پرۆگرامەیە.
- Caller ID Features خزمەتگوزاری Caller ID بۆ پیشاندانی ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسەی پەیوەندی پێوە کردووی.
- Create greeting with the Speaker or Text To Speech دروست کردنی پەیامگر بۆ پەیامگر بە دەنگی خۆتان و Text-To-Speech بۆ خوێندنەوەی دەق.

و تایبەتمەندی تری بەکەڵک.

دابەزاندنی پرۆگرام وکراکی (2 مێگابایت): http://www.sendspace.com/file/cqwf46

سەرچاوە: http://www.kamyabonline.com

## دانانی وشەی نهێنی دووەم:

لە ویندۆز XP پێش چالاک بوونی (User و Password)ی سەرەکی لە سەرەتای ویندۆز دەتوانن وشەی نهێنی دووەم دابنێن. بە دانانی ئەم وشە نهێنیە، ئەگەر کەسانی تر بیانەوێ کۆمپیوتەرەکە بەکار بهێنن، پێش بەکار هێنان دەبێ لە دوو بەربەستی پتەو دەرباز بن.

بۆ زیاد کردنی ئەمجۆرە لە وشەی نهێنی دەبێ ئەم قۆناغانە ببڕین:

1. لە چوارچێوەی Run وشەی syskey بنوسن و دواتر ok.
2. لە Option (پەنجەرە کراوەکە) کە بە ناوونیشانی Securing the Windows XP Account Database، لەسەر update کلیک دەکەین.
3. ئێستا لە Password startup وشەی نهێنیەکەی تیا دەنووسین و دواتر ok دەکەین.

تێبینی:

1. ئەگەر ویستتان لە بەشی System Generated Password، وشەی نهێنی لە ناو Floppy Disk ئەمبار بکەی تا بە تەنیا بە هۆی ئەم دیسکەتە بتوانرێت بچیتە ناو ویندۆز.
2. ئەگەر سێ جار زیاتر وشەی نهێنی بە هەڵە بنوسرێت، ئەوە کۆمپیوتەرەکە ڕیستارت دەبێتەوە.

ئا بەم شێوەیە لە دوای داگیرساندنی کۆمپیوتەر یا ڕیستاتکردنی، ئەم وشە نهێنیە، پێش هاتنی (User و Password)ی سەرەکی لە سەرەتای ویندۆز، دەردەچێت و بۆ چونە ژوورەوە داوای وشەی نهێنیتان لێ دەکات.







